رۆژنامەیەکی سیاسی
رۆشنبیری گشتیی ئازادە

کۆمەڵیک
رۆژنامەنووسی ئازاد
لەناوەوەو دەرەوەی
کوردستان دوو هەفتە
جارێک دەریدەکەن

Midyai Kurd — میدیای کورد

ژمارە (١) سالی یەکەم - هەینی ٢٠٠٥/٣/١١

No (1) first year, Fri. 11/3/2005


## کەرکوک
## دەستگیرکردنی ١٢ تیرۆریست و تیرۆرکردنی ژنێکی بێتاوان

: PUKmedia

بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزا و ناحیەکانی کەرکوك پێی ڕاگەیاندین کە شەوی رابردوو توانیویانە ١٢ تیرۆریست دەستگیر بکەن لە ناوچەی باجوان لەشاری کەرکوك، کە مادەی تەقینەوەیان پێ بووە و ویستوویانە بۆریە نەوتەکانی پێ بتەقێننەوە، لە لایەکیترەوە توانیویانە یەکێك لە خزمە نزیکەکانی ئەمین سری فرقەی قیادەی کەرکوك دەستگیر بکەن کە جلوبەرگی پۆلیسی لەبەر کردبوو لەناو شاردا بەچەکەوە دەسووڕایەوە، ئەوەشی ڕاگەیاند کە وسام جەبار ساڵح لەناوچەی دۆمیز دەستگیر کرا کە ناوبراو ئەندام بووە لە ئەندامانی ئیستیخبارات لە رژێمی بەعسدا.

# سیستانی داوای لەلیستی شیعە کردووە لەگەڵ کورد گفتوگۆ نەکەن



سەرچاوەیەکی نزیك لە سیستانی لە بەغدا لەپەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بە (ئیلاف)ی ڕاگەیاند، کە ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی نایەوێ لیستی شیعە لەگەڵ کورد گفتوگۆ بکات و لەوبارەوە داوای لێکردوون واز لە گفتوگۆ بهێنن.

سەرچاوەکە روونی کردەوە، کە سیستانی پێی وایە داواکارییەکانی کورد، نێوان عێراقییەکان تێکدەدا و نایەڵێ شیعە روو لە سوننە بکا، یا خود لەگەڵ عەللاوی رێکەون، چونکە داواکاری بۆ کەرکوك و بەشی نەوت و مانەوەی پێشمەرگە داواکاری زۆر قورسن.

سەرچاوەکە ئاشکرای کرد کە سیستانی دەیەوێ فشار بخرێتە سەر کورد تاکو واز لە داواکارییەکانیان بهێنن تا رێکەون بۆ دامەزراندنی حکومەت بۆ ئەوەی هەموو لایەك بەشدار بێت.

## هۆشیار زێباری:
## کورد و شیعە لە سەروادەی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی نیشتمانی رێکەوتوون



هۆشیار زێباری وەزیری دەرەوەی عێراق و ئەندامی لیژنەی گفتوگۆ لەگەڵ لیستی هاوپەیمانی شیعە لەدیمانەیەکی لەگەڵ (العالم الان) رایگەیاند، کە ئەو بۆشاییە سیاسییەی ئێستا لە عێراق دا هەیە، پێویستە پڕ بکرێتەوە و حکومەتی نوێ دامەزرێ.

هۆشیار زێباری دووپاتی کردەوە، کە هەر دوو لایەن لەسەر وادەی یەکەم دانیشتنی ئەنجوومەنی نیشتمانی رێکەوتوون، کە بێگومان لەو رووە پاڵێوراوانی سەرۆك کۆمار و سەرۆك وەزیران دەست نیشان کراون، ئێمە لەدامەزراندنی حکومەت گەشبینین و تا ئێستا هەنگاوی ئیجابی نراوە.

لەبارەی داواکارییە زۆر قورسەکانی کورد، گوتی: "ئێمە ئەوەی داوای دەکەین لەچوارچێوەی یاسای ئیدارەی دەوڵەت دایە و بەدەر لەوە هیچی دیکەمان داوا نەکردووە و لەبابەت مەسەلەی کەرکوکیش هەر بەپێی یاسای ئیدارەی دەوڵەت چارەسەر دەکرێ".

## ئەندامێکی سەرکردایەتیی حزبی دەعوە:
## تا کۆتایی ئەمساڵ داواکارییەکانی کورد جێبەجێ دەکەین

peyamner ـ عەبدولکەریم عەنزی ئەندامی سەرکردایەتیی حزبی دەعوە لەلێدوانێکدا بۆ رۆژنامەی (الحیاە) رایگەیاند: خەریکە رێککەوتن لەگەڵ گروپی کوردی لەبارەی پێکهێنانی حکومەت بگاتە کۆتایی و ئێمەش پێمان وایە داواکارییەکانی کورد ڕەوان و تا کۆتایی ئەم ساڵ جێبەجێیان دەکەین.

هەروەها گوتی: بریاری گەڕانەوەی ئاوارەکان و قەرەبووکردنەوەی زەرەرمەندانی دەستی رژێمی سەدام تەنها بۆ کەرکوك نییە بەڵکو لەزۆربەی شارەکانی تریش جێبەجێ دەکرێت.

هەروەها عەنزی رایگەیاند کە کورد داوای زیادکردنی بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات کە لەگەڵ رێژەی دانیشتوانی هەرێمەکە بگونجێت و لەمبارەیەوە گروپی ئیئتیلاف دڵنیایی داوەتە گروپی کوردی بەڵام تاکۆتایی ساڵی ٢٠٠٥ هیچ گۆڕانکارییەك رووناداتن. عەنزی لەبارەی هەڵوەشاندنەوەی پێشمەرگەش رایگەیاند کە هێزەکانی پێشمەرگە دەچنە ریزی سوپای عێراق.

## مشعان جبوری:
## ئەیاد عەللاوی قایل بووە پۆستی جێگری سەرۆك کۆمار وەربگرێ



مشعان جبوری لەلێداونێکدا بۆ رۆژنامەی (اخبار الخلیج)ی بەحرێن رایگەیاند کە دوای وتووێژێکی زۆر، ئەیاد عەللاوی قایل بووە پۆستی جێگری سەرۆك کۆمار وەربگرێ و بەپێی رێککەوتنی نێوان ئیئتیلافی یەکگرتووی شیعە و لیستی هاوپەیمانێتی کوردستانیش جەلال تاڵەبانی دەبێتە سەرۆك کۆمار و ئیبراهیم جەعفەری دەبێتە سەرۆك وەزیران هەروەها هەر یەك لە ئەیاد عەللاوی و (حاجم الحسنی) دەبنە جێگری سەرۆك کۆمار.

مشعان جبوری لەبارەی حکومەتی داهاتووشەوە گوتی: ئەو حکومەتە هیچ دەسەڵاتێکی لەسەر هێزە ئەمنییەکان نابێت، چونکە ژەنەراڵ (دێڤید پاتریۆس) لەسوپای ئەمریکا سەرپەرشتی هەر دوو وەزارەتی بەرگری و ناوخۆی عێراق دەکات و هێزە ئەمنییەکان لەژێر فەرمانی ئەو ژەنەراڵە ئەمریکاییەدا دەبن.

## عەدنان پاچەچی:
## پشتگیری لەوە دەکەین مام جەلال ببێتە سەرۆك کۆماری عێراق

سەرۆکی پارتی دیموکراتە سەربەخۆکانی عێراق لەلێدوانیدا بۆ رۆژنامەی (البیان)ی ئیماراتی رایگەیاند کە ئەوان پشتگیری لەپاڵێوراویەتیی مام جەلال بۆ پۆستی سەرۆکایەتیی عێراق دەکەن و ئەوەش بەهەنگاوێك دەزانن بۆ ئەوەی کە نەتەوە و ئایینزاکانی نێو عێراق لەپۆستە گرنگەکانی وڵات دوور نەخرێنەوە.

پاچەچی کە پێشتر وەزیری دەرەوەی عێراق بووە و ئێستا لەپەرلەمانی عێراقدا حزبەکەی خاوەنی یەك کورسییە، لەسەردەمی پێکهێنانی حکومەتی کاتیی عێراق لەلایەن ئەنجومەنی فەرمانڕەواوە خۆی بۆ یەکێك لە پۆستە گرنگەکانی وڵات دانابوو، بەڵام نەیتوانی پشتگیریی کورد بەدەست بێنێت. ئێستا پاچەچی هەڵوێستی تەواو گۆڕاوە و هەوڵ دەدات کە لە کورد نزیك بێتەوە و هەر لەو پێناوەدا دوای هەڵبژاردنەکان سەردانی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستانی کردووە و راوبۆچوونی بەتەواوەتی لەسەر کورد گۆڕیوە.

لەدرێژەی لێدوانەکەیدا پاچەچی ئەوەشی ڕاگەیاند کەئەوان پشتگیری لەوە دەکەن کە تێکڕای پێکهاتەکانی عێراق لە نووسینی دەستووری داهاتووی عێراقدا بەشدار بن.

## دکتۆر بەرهەم ساڵح بۆ پۆستی وەزیری نەوت کاندید کراوە



چەند سەرچاوەیەك لە ئیئتیلافی یەکگرتووی شیعە بەئاژانسی رۆیتەرزیان ڕاگەیاند کە ئیئتیلافەکە دکتۆر ئیبراهیم بەحر ئەلعلوم بۆ پۆستی وەزیری نەوت کاندید دەکات و بەباشترین کەسی دەزانێ کە ئەو پۆستە وەربگرێ. ناوبراو پێشتریش لەسەردەمی ئەنجوومەنی حوکمدا وەزیری نەوت بوو، ئەو سەرچاوانە ئەوەشیان ئاشکرا کرد کە کوردیش داوای ئەو لیستە دەکەن و دکتۆر بەرهەم ساڵح بۆ پۆستی وەزیری نەوت کاندید دەکەن. بەرپرسێکی بواری نەوتیش بەرهەم ساڵحی بەکاندێکی نموونەیی وەسف کردووە بەڵام گوتویەتی کە بەهۆی کێشەی کەرکووکەوە مەحاڵە عەرەب بەوە قایل بن کوردێك ببێتە وەزیری ئەو پۆستە.